Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 1 Article11

# Artificial Intelligence and its role in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels

**Adnan Ali Fatih**
*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq*

**Kamil Omer Sleman**
*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Adnan, A.F., 2026. Media Education and its Role in Raising Awareness among Social Media Users. Mitanni Journal, 6(1), Article 10.

DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp166-177
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# Media Education and its Role in Raising Awareness Among Social Media Users

**AI usage declaration**

I declare that the content of this work was not generated using Artificial Intelligence.

**Author contribution**

I have worked alone on all aspects of this research.

**Ethics information**

I declare that this research did not require ethical approval.

**Data availability statement**

I declare that the data supporting the findings of this study are available upon reasonable request.

**Funding information**

I confirm that no specific budget or financial support was received for the conduct of this research.

**Conflict of interest**

I declare that there are no conflicts of interest.

**Acknowledgements**

I would like to thank (all the lecturers of the Media Departments at public universities in the Kurdistan Region) who were willing to participate in in-depth interviews to provide useful information for the research.

**Declaration of Originality**

This research is original, and it is the first time research has been conducted under this title in the Kurdistan Region.

**ORIGINAL ARTICLE**

# Media Education and its Role in Raising Awareness among Social Media Users

Adnan Ali Fatih[1] Kamil Omer Sleman[2]

[1] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq

[2] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq

## Abstract:

The objective of this research is to study the level of importance and necessity of media Education for raising individual's and societal awareness in the Kurdistan Region, as well as to determine the role of media Education in providing information and enhancing individual's understanding regarding the dangers and nature of social media.

The research is a descriptive study, and the researcher employed a survey method in which various aspects of the research topic discussed, analyzed, and necessary observations presented. The research population consists of all media experts within the media departments of universities in the Kurdistan Region (Sulaimani, Salahaddin, Halabja, Sulaimani Polytechnic, Erbil Polytechnic, and Duhok Polytechnic). The research sample is randomly purposive and consists of ten media experts from these departments, who are relevant and specialized in the field of media Education.

Regarding the study conclusions. Upon analyzing and interpreting the obtained theoretical and practical data and evaluating them, the research reached several conclusions, the most important of which are summarized in the bellow three points:

1. Media Education is a crucial necessity in the Kurdistan Region due to the emergence of a digital environment, the digital individual, and engagement within the virtual world.
2. The majority of experts agree that through media Education, individuals can be enlightened and made aware of their rights and responsibilities when interacting with social media.
3. Media Education can assist individuals in confronting misinformation and fake news on social media and in recognizing the indicators of fake news.

**Keywords**: Media Education, Role, Raising Awareness, Users, Social Media.

Received 04 December 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 04 Mar 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: adnan.alifatih@gmail.com

*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# پەروەردەی میدیایی و ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا


## پووختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئاستی گرنگی و پێویستی پەروەردەی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی تاكو كۆمەڵ لە هەرێمی كوردستان، هەورەها زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە پێدانی زانیاری و تێگەیشتنی تاك دەربارەی مەترسی و سروشتی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان. توێژینەوەكە، لە جۆری وەسفییەو توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەكارهێناوە كە لەڕێیەوە لایەنە جیاجیاكانی بابەتی توێژینەوەكە تاوتوێ دەكرێن‌و شیدەكرێنەوەو سەرنجی پێویستیان لەسەر  دەخرێتەڕوو.هەورەها كۆمەڵگای توێژینەوەكە بریتییە لە مامۆستایانی بەشەكانی راگەیاندنی زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان وەك زانكۆكانی (سلێمانی، سەلاحەدین، هەڵەبجە، پۆلیتەكنیكی سلێمانی، پۆلیتەكنیكی هەولێر، پۆلیتەكنیكی دهۆك)، نمونەی جۆری سامپڵی توێژینەوەكەش بریتییە لە سامپڵێكی ناهەڕەمەكی مەبەستدار (non-probalitiy) كە بریتییە لەو مامۆستایانەی بەشەكانی راگەیاندن كە پەیوەندیدارو شارەزان لە بواری پەروەردەی میدیایی‌و ژمارەیان (10) پسپۆڕە.
لە ئەنجامی شیكردنەوەو راڤەكردنی داتاو زانیارییە بە دەستهاتووەكانی هەردوو لایەنی تیۆری و كردەی و هەڵسەنگاندیان، توێژینەوەكە بە چەند دەرەنجامێك گەیشتووە كە گرنگترینیان لە سێ خاڵدا چڕدەكەینەوەو دەیخەینەڕوو:
١-پەروەردەی میدیایی لە هەرێمی كوردستان پێویستیەكی گرنگە، بەهۆی دروستبوونی ژینگەی دیجیتاڵی و تاكی دیجیتاڵی و بوون بە ئەندام لەناو جیهانی گریمانەییدا.
٢-زۆرینەی پسپۆڕان هاوڕان لەسەر ئەوەی پەروەردەی میدایایی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیاركردنەوەی تاك بۆ ئەوەی ماف و ئەركەكانی خۆی بۆ مامەڵەكردنی لەگەڵ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بزانێت.
٣-پەروەردەی میدیایی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هاوكاریكردنی تاك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری هەڵەو هەواڵی ساختەی تۆڕو كۆمەڵایەتییەكان و هێماكانی فەیك نیوز بناسێتەوە.

**کلیلە وشە:** پەروەردەی میدیایی، ڕۆڵ، هۆشیاركردنەوە، بەكارهێنەران، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

## پێشەكی توێژینەوە:

پەروەردەی میدیایی (Media Education) لەم قۆناغەدا پێویستییەكی حەتمییە بۆ هەر تاكێكی كۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی ئێمە لە جیهانێكدا دەژین كە زانیاری و هەواڵەكان بە خێراییەكی بێوێنە بڵاودەبنەوەو مەودای نێوان وەرگر و نێرەر زۆر كەمبووەتەوە، لێرەوە پێویستی پەروەردەی میدیایی بۆ بیركردنەوەی رەخنەگرانە و بەكارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا بووەتە پێویستیەكی ڕەبایەخ بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ میدیا بە گشتی و تەكنەلۆژیاو میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بە تایبەتی.
پەروەردەی میدیایی  وەكو پرۆسەی گەشەپێدانی كەسی كار لەسەر هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگا دەكات بۆ گەشەپێدانی بیركردنەوەی رەخنەگرانە و تێگەیشتن و شیكردنەوەو بڕیاردان لەسەر پەیامە میدیاییەكان، هەروەها بۆ بەرزكردنەوەی كارامەیی تاك بۆ مامەڵەكردنی لەگەڵ میدیا بەگشتی و میدیای دیجیتاڵی بەتایبەتی.
ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختەو پێشەكی لە سێ تەوەری سەرەكی پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەكە خراوەتەڕوو كە هەریەك لە (كێشە و گرنگی و ئامانج و توێژینەوەكانی پێشوو و جۆر و میتۆد و كۆمەڵگە و سامپڵ و ئامرازەكانی توێژینەوە و سنوور و چەمكەكانی توێژینەوەكە) دەگرێتەوە، لە تەوەری دووەمدا ئاماژە دراوە بە تیۆرینامەی توێژینەوەكە، كە یەكەم؛ پەروەردەی میدیایی، دووەم؛ هۆشیاری تاك، سێیەم؛ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، لە تەوەری سێیەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە خراوەتەڕوو، پاشان (دەرەنجام و راسپاردە و پێشنیازەكان).

تەوەری یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم** :کێشەی توێژینەوەکە
پەروەردەی میدیایی وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ پاراستنی تاک دەردەکەوێت، بۆیە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی سروشتی ئەو ڕۆڵەی کە پەروەردەی میدیایی دەیگێڕێت لە پرۆسەی دروستکردنی هۆشیاریدا پێویستیەکی زانستیە، کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارکردن لە ڕادەی کارایی پەروەردەی میدیاییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ ئایا پەروەردەی میدیایی توانیویەتی لە چوارچێوەی تیۆرییەوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕەفتاریی بەکارهێنەر؟ واتە ئایا تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردەی میدیاییەوە گەیشتوونەتە ئاستی (هۆشیاریی ڕەخنەیی) بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و چەواشەکاری، یان کاریگەرییەکە تەنها لە ئاستێکی ڕووکەشیدا ماوەتەوە؟. لە ڕوانگەی ئەم کێشەیەوە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە: پەروەردەی میدیایی تا چ ئاستێک ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی هۆشیاریی مەعریفی و ڕەفتاریی تاک لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟
پرسیارە لاوەکییەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە
١-ئایا پەروەردی میدیایی بە گرنگ‌و پێویست دەزانیت بۆ  هۆشیاکردنەوە تاك لە هەرێمی کوردستان؟
٢-ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی چییە لە پێدانی زانیاری و تێگەیشتنی تاک دەربارەی مەترسی و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟.
٣-تا چەند پەروەردەی میدیایی توانیویەتی کارامەییەکانی پشکنین و بەدواداچوون بۆ زانیاری‌و سەرچاوەکانی هەواڵی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلای بەکارهێنەران گەشەپێبدات؟

**دووەم**: گرنگی توێژینەوەکە

**١** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستییەوە ئەوەیە، کە پەروەردەی میدیایی دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمیی بۆ ناوەندە ئەکادیمیی‌و پەروەردەییەکان بۆ سوود لێوەرگرتنی لە ئەگەری بە پرۆسەکردنی ئەم بابەتە لەکایە زانستی‌و پەروەردەییەکاندا. هەروەها بەوپێیەی کە ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی نوسراوە، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی‌و سوود لێوەرگرتنیشی لەلایەن خوێندکارانی بەکالۆریۆس‌و خوێندنی باڵای بەشەکانی میدیاو پەروەردەو ئەو توێژەرانەی دەیانەوێت کار لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئەم بابەتە بکەن، هەربۆیە لە نێوەندی ئەکادیمیی‌و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا، دەبێتە پێویستی.
لەلایەکی دیکەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆمەڵ، لەئەگەری بوونی پەروەردەیی میدیایدا وەك پرۆسە کاریگەری‌و ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت، هەروەها پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاربێت لە بنیاتنانەوەو پەرەپێدانی کەسایەتییەکی تەندروست و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی و کۆمەڵایەتی، بەمەش کۆمەڵگا لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ساختەو چەواشەکارانەو بیرۆکەی ناڕاست دەپارێزێت. لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری وەرگر و پاراستنی وەرگر لە پەیامی میدیایی ساختەو چەواشەکارانەو دەستخستنی سودی پەروەردەی میدیایی.

**سێیەم**: ئامانجی توێژینەوەکە
1 چەند ئامانجێك لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا هەیە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:
١-دەرخستنی ئاستی گرنگی و پێویستی  پەوەردەی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك‌و کۆمەڵ لە هەرێمی کوردستان.
٢-زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە پێدانی زانیاری و تێگەیشتنی تاک دەربارەی مەترسی و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
٣-زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بەکارهێنەران بۆ پشکنین و بەدواداچوونی زانیاری‌و سەرچاوەکانی هەواڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.

**چوارەم**: توێژینەوەکانی پێشوو
١-توێژینەوەی (محمد، شەنگ محمد دلێر 2023)
ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشیارکردنەوەی وەرگر لەسەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا: خوێندکارانی زانکۆ بە نمونە) پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی زانکۆی سلێمانی کراوە، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، کە چەند ئامانجێك لە ئەنجامدانیدا هەیە، لەوانە: زانینی ئاستی گرنگی پەروەردەی میدیایی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵی، هەروەها خستنەڕووی ڕادەی شارەزایی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر پەروەردەی میدیایی، لەگەڵ ئاشنابوون بە ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیا لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر پەروەردەی میدیایی، هەروەك خستنەڕووی ڕادەی سوود و وەرگرتنی پەروەردەی میدیایی لە میدیای دیجیتاڵی لای خوێندکارانی زانکۆ.
ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیەو توێژەر بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتاو زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا، بگونجێت، هەروەها ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێنراوەو کۆمەڵی توێژینەوەکەش بریتیە: لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سامپڵی توێژینەوەکەش بەشێوەی هەڕەمەکی سادە لە ڕێگەی تیروپشکەوە وەرگیراوە کە بریتیە لە (633) خوێندکار بەشێوەی تیروپشك لە بەش و کۆلێجەکانی ئەو دوو زانکۆیە و توێژەر  فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە وەك ئامرازی توێژینەوەکە.

توێژەر بە چەند دەرەنجامێك گەیشتووە: لەوانە:
ا- زۆرێك لە وەرگران تا رادەیەك زانیارییان لەسەر میدیا هەیەو پێیانوایە لاوازی ئاستی میدیاكان یەكێكە لە هۆكارەكانی نەبوونی پەروەردەی میدیایی.
ب- وەرگرەكان هاوڕان لەسەر ئەوەی پەروەردەی میدیایی دەبێتە هۆی ئاشناكردنی وەرگر بە هەواڵی ساختەو ناوەڕۆكە ئاست نزمەكانی میدیاو تێگەیشتنی قوڵتر لە پەیامەكان و توانی رەخنەگرتن و ششیكردنەوەی ناوەڕۆكە جۆراوجۆرەكان، هاوڕان لەسەر ئەوەی میدیاكان گرنگیان بە پوەردەی میدیایی نەداوە.
پ- زۆربەی مشتەی توێژینەوەكە پێیانوایە میدیای دیجیتاڵی هۆكاری تێكدانی خوی وەرگرانی میدیایەو وەرگر توشی ئالودەبوون دەكات.
ت- زۆرینەی مشتەی توێژینەوەكە هاوڕان لەسەر ئەوەی پەروەردەی میدیایی بۆ شیكردنەوەو رەخنەگرتن لە ناوەڕۆكی پەیامەكانی میدیا گرنگیەكی تایبەتی هەیە و زیاتر پەرە بە توانی وەرگرەكان دەدات. (محمد، 2023)

**٢- توێژینەوەی** (أبوقاسم، نجيبة عبدالله علي2023)
ئەم توێژینەوەیە، كە توێژینەوەیەكی بڵاوكراوەیە بە ناونیشـــانی (پەورەردەی میدیایی و رۆڵی لە رووبەرووبوونەوەی لایەنە نەرێنییەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان)، ئامانج لە ئەنجامدانی ناســاندنی گرنگی پەروەردەی میدیایی لە میدیا نویَ، لەگەڵ ناســاندنی قۆناغەكانی ســەرهەڵدان و گەشەكردنی پەروەردەی میدیایی، هەروەها تیشك خستنەسەر رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رێگەی پەرەپێدانی میدیای نوێوە.
توێژینەوەكە پشتی بە رێبازی شیكاری وەسفی بەستووە لەسەر بنەمای كۆكردنەوەی زانیاری و داتا لە سەرچاوەو توێژینەوەكانی پێشوو بۆ بنیاتنانی چوارچێوەی زانیاری بۆ وەسفكردنی لایەنكانی، هەورەها تیشك دەخاتەسەر وەسفكردن و شیكردنەوەی واقیعی پەروەردەی میدیایی.
ئەم توێژینەوەیە بە چەند دەرەنجامێك گەیشتووە، لەوانە:
ا- پەروەردەی میدیایی بەشــێكە لە مافە بنەڕەتییەكانی هەر هاوڵاتییەكی وڵاتانی جیهان، رێكخراوی یونســكۆ بەم شــێوەیە ســەیری گرنگی پەروەردەی میدیایی دەكات بەهۆی ئەو دەسەڵاتە كاریگەرەی میدیا هەیەتی لە جیهانی هاوچەرخدا.
ب- تەواوكاری لە رۆڵی خێزان و قوتابخانە بۆ فێركردنی نەوجەوانان بە پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی، كە بووەتە داواكارییەكی گرنگی كۆمەڵایەتی، هەروەها بەخشــینی ئەوكارامەییەی رێگەیان پێدەدات بەشــێوەیەكی كارا تێكەڵ بە جیهانی دیجیتاڵی ببن و توانای بیركردنەوەی رەخنەگرانەیان پێدەبەخشێت.
پ- جێگیركردنی پەروەردەی میدیایی لەناو پرۆگرامەكانی خوێندن لە قوتابخانە و زانكۆكاندا بووەتە پێویســتییەكی هەنووكەیی وەك پرۆژەیەكی بەرگری كە ئامانجی پاراســتنی وەرگر یان نەوجەوانانە لە چەواشــەكاری و بابەتی نەرێنی، و تواناداركردنیان بۆ ئازادی هەڵبژاردن و دەستنیشانكردن و رەخنەگرتن.
ت- گرنگی هۆشــیاری میدیایی، هۆشــیاری میدیایی كارامەییەكە دەبێت بە درێژایی ژیان لەگەڵ نەوجەوانان وگەنجاندا بێت، فێركردنیان كە چۆن بژین و تێبگەن و شیكردنەوە بۆ رووداوەكانی دەوروبەریان بكەن. (أبو قاسم، 2023)

٣- توێژینەوەی (Todino, Mechele Domenico and Tore, Stefano Di 2025)
ئەم توێژینەوەیە، كە توێژینەوەیەكی بڵاوكراوەیە بە ناونیشـانی (پەروەردەی میدیایی)، ئامانج لە ئەنجامدانی، پەرەسـەندنی پەروەردەی میدیایی و تیشـك خسـتنەسـەر رۆڵی پەروەردەكاری میدیا وەك ئاسـانكارێك لە تێكەڵكردنی تەكنەلۆژیا دیجیتاڵییەكان لە ناوەندە پەروەردەییەكاندا، لایەنە سـەرەكییەكان بریتین لە رەتكردنەوەی دیدگایەكی ترسـناك بۆ میدیای نویَ، جەختكردنەوە لەسـەر میدیا وەك هەڵگری مانا و برەودان بە كارامەیی رەخنەگرانە و داهێنەرانە كە پێویستن بۆ تێپەڕاندنی ئاڵۆزییەكانی كولتووری دیجیتاڵی هاوچەرخ.
ئەم توێژینەوەیە كە لە وڵاتی ئیتاڵیا ئەنجامدراوە، توێژینەوەیەكی شــیكارییە ســەبارەت بە گرنگی بنەڕەتیی پەروەردەی میدیایی " Media Education " لە جیهانێكدا كە میدیای دیجیتاڵ تەنیوەیەتی، بە دیاریكراوی ئەمە تەنها فێربوونی كارامەیی تەكنیكییەكان تێدەپەڕێنێت و جەخت لەسەر پێویستییەكی بەپەلە بۆ پەرەپێدانی بیركردنەوەی رەخنەیی و بەكارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا دەكات.
توێژینەوەكە بە چەند دەرەنجامێك گەیشتووە، لەوانە:
ا- لە ژینگەی خوێندندا، میدیا تەنها ئامراز نییە، بەڵكو خوێندنێكی پێویســـتە لەرێی پەروەردەی میدیاییەوە فێری خوێندكاران بكرێت، ئەم خوێندنە بنچینەییە بریتییە لە: گەڕان و هەڵبژاردنی زانیاری، هاوبەشی و هاریكاری، بەڕێوەبردنی پەیوەندی وكات و مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆك.
ب- پەروەردەكاران دەبێت كاربكەن بۆ بەرزكردنەوەی متمانەی تەكنەلۆژیی خۆیان و پەرە بە هۆشــیارییەكی قوڵتربدەن كە هاوكاریان دەكات بەكاریگەرییەوە رێنمایی و پشتیوانی خوێندكاران بكەن لە گەڕان بەناو دیمەنە دیجیتاڵییەكەدا، جیاكردنەوەی خوێندكاران وەك "بەكارهێنەری میدیای نویَ" لە پەروەردەكاران وەك "بێئاگا" رێگەیەكی هەڵەیە، پەروەردەكاران دەبێت باشتركردنی كارامەیی میدیایی خۆیان پەرەپێبدەن.
پ- توێژینەوە لەســەر پەروەردەی میدیایی بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت، رەوت و ســنووورە نوێیەكانی ئەم بوارە بریتیین لە بەكارهێنانی زیرەكی دەستكردی بەرهەمهێنەر بۆ بەرزكردنەوەی داهێنان و بیركردنەوەی رەخنەگرانە. (Todino, Tore, 2025).

**پێنجەم**: ئاستی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو
توێژەر لە چەندین لاوە سوودی لەو توێژینەوانەی پێشوو بینیوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:
١- دارشتنی کێشەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای دەرەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، بە جۆرێك کە پرسیاری نوێی لەسەر کێشەی توێژینەوەکە هەڵێنجاوە لەژێر رۆشنایی گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە.
٢-درککردنی قوڵ بە گرنگی و بایەخی لایەنە جیاجیاکانی توێژینەوەکانی پێشوو، پرۆسەی دیاریکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئاسان کردووە.
٣-لەبەر ڕۆشنایی ئەو میتۆد و ئامراز و ڕێکارە زانستیانەی بەکاریان هێناوە، پشت بە شێوازی شیکاریی چۆنایەتی بەستراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.
٤-سوودوەرگرتن لە لیستی سەرچاوەی توێژینەوەکانی پێشوو و دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوە زانستییانەی نزیکن لە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە.

**شەشەم**: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە
ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە پشتی بە مۆدێلی چۆنییەتی بەستووە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**حەوتەم**: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە
کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی بەشەکانی راگەیاندنی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان وەك زانکۆکانی(سلێمانی، سەلاحەدین، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆك)، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار (non-probalitiy) کە ئەو مامۆستایانەی بەشەکانی راگەیاندنی وەرگرتووە، کە پەیوەندیدارو شارەزان لە بواری پەروەردەی میدیایی‌و ژمارەیان (10) مامۆستایە. پاساوی دیاریکردنی جۆری سامپڵی توێژینەوەکەش، ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی پەروەردەی میدیایی وەك پرۆسە لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، زانیای و تێگەیشتنیش سەبارەت بە پەروەردەی میدیایی کەم و سنوردارەو زیاتر پسپۆڕانی بواری میدیا خوێندنەوەو توێژینەوەیان لەسەری هەیە، بۆیە توێژەر پسپۆڕانی بواری میدیا لە بەشەکانی راگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەکو نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە.

**هەشتەم**: ئامرازی توێژینەوەکە
توێژەر بۆ ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمی چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بە شێوەی رووبەڕوو لەڕێی چەند پرسیارێکەوە بەگوێرەی ئامانجەکانی لەکات‌و شوێنێکی دیاریکراودا لەگەڵ مشتەیەك لە پسپۆڕانی بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سەبارەت بە پەروەردەی میدیایی و هۆشیاری تاك لە مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ئامرازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان، پەروەردی میدیایی لە واقیعیدا وەك پرۆسە بوونی نیە، تاوەکو لەڕێی ئامرازەکانی دیکەی وەك (فۆرمی راپرسی، شیکاری ناوەڕۆك، چاوپێکەوتن) وەڵامی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بدرێتەوە.

**نۆیەم**: سنووری توێژینەوەکە
سنورو بوارەکانی توێژینەوەکە لە سێ ڕەهەندەی جیاوازەوە دیاریکراون، کە پێکهاتوون لە:
١-شوێن: لە رووی شوێنەوە، پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بە دیاریکراوی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) وەرگیراوە، کە پسپۆڕان بواری میدیا وەکو نمونەی وەرگیراو تیایدا نیشتەجێن.
٢-کات: ماوەی ئەنجامدانی پراکتیکنامەی توێژینەوەکەیە کە لە (2025/8/5 بۆ 2025/11/22)ە.
٣-مرۆیی: مامۆستایانی بەشەکانی راگەیاندنی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان وەك زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆك)، لەخۆدەگرێت.

**دەیەم**: چەمکەکانی توێژینەوەکە
-پەروەروەردەی میدیایی: مەبەست لێی، ئەو پرۆسە فێرکاری و مەعریفییە ڕێکخراوەیەیە کە دەتوانێت تواناکانی تاك پەرەپێبدات و ئاستی هۆشیارییان بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست و رەخنەگرانە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن.
-ڕۆڵ: مەبەست لە رۆڵ، بریتییە لە دیاریکردنی ئاست و چۆنییەتی ئەو ڕۆڵەی کە پەروەردەی میدیایی دروستی دەکات لە ئا ڕاستەکردن و پێکهێنانی هۆشیاری تاك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

-هۆشـیار کردنەوە: مەبەسـت لێ توانای تاكە لە هەڵسـەنگاندنی ناوەڕۆك و درككردن بە مەترسی و ئاڵنگارییەكانی ناو ژینگەی میدیایی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، هەورەها چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵیان بەشـێوەیەكی بەرپرسـیارانە كە بگونجێت لەگەڵ ئەو پانتاییە كۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.

-بەكارهێنەران: مەبەست لێ ئەو تاكانەیە كە بەكارهێنەرو بەركەوتەی پەیامەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانن.

-تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان: مەبەسـت لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان؛ ئەو ئەپڵیكەیشـنانەن كە تاك لە كۆمەڵی كوردیدا مامەڵەو بەرخوردیان لەگەڵ دەكات، لەوانەش (فەیسبووك، ئێكس، ئینستاگرام، تیكتۆكو تیلیگرامو ... هتد).

تەوەری دووەم/تیۆرینامەی توێژینەوەكە

یەكەم/ پەروەردەی میدیایی

-دەروازەیەك بۆ ناساندنی پەروەردەی میدیایی

پێكهاتەی چەمكی پەروەردەیی میدیایی ئەو پێكهاتەیەیە لە چوارچێوەیدا زانسـتی پەروەردەی میدیادا گەشـە دەكات و لە بازنەی توێژینەوەی گشتگیری پەروەردەی میدیایدا لە ڕێگەی دەرئەنجامە لۆژیكییەكانەوە بەیەكەوە گرێدراون، چەمكەكە ئەوەیە؛ یەكەی بنیاتنانی زانیاری، وەك بوارێكی نێوان زانسـتەكان سـەریهەڵداوە كە لەگەڵ چەند بوارێكدا یەكدەگرێتەوە، گرنگترینیان: پەروەردە، پەیوەندی، میدیا، زانیاری، ئەم چەمكانەش بوارەكانی ئامرازی تەكنەلۆژی و مالتیمیدیا لەخۆدەگرن.(حسـن ،2015، ص15)، پەروەردەی میدیایی تایبەتمەندە بە مامەڵەكردن لەگەڵ هەموو هۆكارەكانی راگەیاندن، لەوانە وشـە، دەنگ، وێنەی وەسـتاو و جوڵاو، كە لە ڕێگەی هەر جۆرە تەكنەلۆژیایەكەوە پێشـكەش دەكرێن، ئەندامانی كۆمەڵگا دەتوانن تێگەیشـتنیان هەبێت لە هۆكارەكانی راگەیاندن كە لە كۆمەڵگاكەیاندا بەكاردەهێنرێت. (الشميري ،2010، ص20)

پەروەردەی میدیای لەسەر كۆمەڵێک تەوەری پراكتیكی دامەزراوە، لەوانە پرۆسەی تەكنەلۆژیای زانیاری، دەستڕاگەیشتن و مامەڵەكردن بە ئاسانی لەگەڵ دەزگا جۆراوجۆرەكانی میدیا، هۆشیاری میدیایی لەسەر بنەمای پەیوەندیكردن، بەدەستهێنانی زانیاری گرنگ و ستراتیژی سەبارەت بە میدیا. (ابو عزام، ،2020، ص68)

-پێناسەی پەروەردەی میدیایی

پەروەردەیی میدیایی وەكو زانسـتی مرۆیی چەندین پێناسـەی جیاجیای لە دیدی جیاوازەوە بۆ دەكرێت، توێژەر هەوڵیداوە لە سـەرچاوە جیاوازەكانەوە پێناسەی پەروەردەی میدیایی بخاتەڕوو.

پەروەردەی میدیایی ئامرازێكی كاریگەرە بۆ وەرگێڕانی تواناكانی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، لەبەرئەوەی تەكنەلۆجیای میدیایی بەردەوام لە پەرەسـەندندایە، پەروەردەی میدیای بووەتە یەكێك لە كارامەییە جەوهەرییەكانی سەدەی بیست و یەكەم.(التعليم العالي فلسطين ،2017، ص17)

داكۆكیكارانی پەروەردەی میدیایی لە هۆنگ كۆنگ، خوێندەواری میدیایی وەک كارامەیییەكی ژیان پێناسـە دەكات كە گەنجان دەتوانن بە شێوەیەكی ڕەخنەگرانە لە میدیا تێبگەن و شیكاری بكەن و بەكاری بهێنن. (LEE, 2010, pp 2-3)، كۆنفرانسی. پەروەردە بۆ سەردەمی میدیا و تەكنەلۆجیای دیجیتاڵی لە ڤیەننا لە سـاڵی ١٩٩٩ پێناسـەی كردووە بە "پەروەردەیەک كە مامەڵە لەگەڵ هەموو هۆكارەكانی راگەیاندن دەكات، لەوانە وشـە، گرافیكی چاپكراو، دەنگ، وێنەی وەسـتاو و وێنەی جوڵاو، كە لە ڕێگەی هەر جۆرە تەكنەلۆژیایەكەوە پێشـكەش دەكرێن.(ابو عرة،2021،ص23)

- گرنگی پەروەردەی میدیایی

لە سـەردەمی ئەمرۆی شـۆڕشی زانیاریدا پەروەردەی میدیایی پێویسـتییەكی گرنگەو فاكتەرێكی كاریگەرە بۆ بڵاوكردنەوەی كلتوری دیالۆگ و یارمەتی تاك دەدات بەشدارییەكی چالاكانەی لە بنیاتنان و گەشەپێدانی كۆمەڵگادا هەبێت.

گرنگی پەروەردەی میدیایی بە بەهاكەی بۆ تاك بە تایبەتی و كۆمەڵگا بە گشتی دیاریدەكرێت، هەروەها ئاسانكاری دەكات بۆ بەشداریكردن لە پیشەسازی میدیایی لە چوارچێوەی ئەخلاقی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی ئازادی قسەكردندا، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی پەروەردەی میدیایی دەبێتە هۆی زیادبوونی بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و ساختە و شاردنەوەی ڕاستییەكان.(ضيف, 2017،ص453)

دووەم: هۆشیاری تاك

- شرۆڤەكردنی چەمكی هۆشیاری Awareness

زۆربەی توێژینەوەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە چەمك و زاراوەی هۆشیاری زۆر مانای هەیە، وشەکە بە ڕەچەڵەک لاتینییە و بە واتای زانینی شتەکان دێت، هەروەها دەتوانرێت چڕبکرێتەوە لەوەی کە مرۆڤ هۆشیار ئەوکەسەیە هەمیشە ئاگاداری خۆی دەبێت، لە کۆمەڵناسیدا چەمکی هۆشیاری بۆ ئاماژەکردن بە هەستی تاکەکەسی یان بۆ دەرخستنی هەستی گشتی بە خود بەکاردەهێنرێت.(الجحيشي, 2014، ص 26)

چەمکی هۆشیاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە هۆشیاری تاك، هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەگشتی پەیوەستە بە گۆڕانکاری لەبوارەکانی تری ژیان، بەڵام هەمیشە لەناو کۆمەڵگاکاندا کەسێك هەڵدەکەوێت کەئاستی هۆشیاری بەرزترەو پێشکەوتووە لە درککردن بە رووداو و گۆڕانکارییەکان.(سادق،2008،ل132)

-پێناسەی هۆشیاری

هۆشیاری بە گشتی وەکو زانستێکی مرۆیی لە دیدی جیاوازەوە پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت، توێژەر هەوڵیداوە لە دیدو سەرچاوەی جیاوازەوە پێناسەی هۆشیاری بخاتەڕوو.

هۆشیاری بریتییە لە درککردنی تاک لە بارودۆخ و مەترسی و بەربەستەکانی دەوروبەری و چۆنییەتی کارلێککردن لەگەڵیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژینگەیە یان پانتاییە کۆمەڵایەتییە بگونجێت کە تیایدا دەژی.(الجحيشي, 2014، ص 26)

فەرهەنگی کامبریج (Cambridge dictionary) لە رووی زمانەوانیەوە، پێناسەی هۆشیاری دەکات دەڵێت؛ بریتیە لە زانین و تێگەیشتن لە بارودۆخێك یان بابەتێك بەپێی زانیاری یان ئەزموون.(شعبان,2019،ص115)

(جۆن لۆک)باوەڕی وایە؛ هۆشیاری بریتییە لەو هەستپێکردنەی مێشکی مرۆڤ پەی پێدەبات، و ڕەنگدانەوەی تێبینییەکانی کەسییە لە نێو فۆرمەکانی هۆشیاری هزری هەستپێکراوی و بیرکردنەوە و گومانەکان و هۆکارەکان و زانین و فێربوونی پرسە دەروونییەکان لە هەر کاتێکدا.(هناء،2017،ص21)

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە هۆشیاری؛ بریتییە لە بەرکارهێنانی عەقڵ بە شێوەیەکی رێك و تەندروست بەمەبەستی پێکهێنانی تێگەیشتن و بڕیاردان.( ال طويرش،2009،ص61)

سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Networking – Social Media)

-چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

دەستەواژەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر پێش ئینتەرنێت بوونی هەبووە و هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبووە، بەو پێیەی بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمەڵناس (James Barnes) لە ساڵی 1954 ناسێندرا، کە چەمکەکە بە شێوەیەکی سادەو ئاسان بەمانای کۆمەڵێکی دیاریکراوی زانیاری دێت کە یەکێکیان ناوەندی تۆڕەکە بووە و ئەوانی دیکەش لقەکانی تۆڕەکە بوون، بۆیە هەموو تۆڕە مۆدێرنەکان لەسەر ئەم بنەمایە دروستکراون.( العبابنة، 2025، ص 121)،

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی میدیای نوێ ناسراوە، سیستەمێکی تۆڕی ئەلیکترۆنییە و ڕێگە بە بەشداربووەکەی دەدات ماڵپەڕی تایبەتی خۆی دروست بکات، پاشان لە ڕێگەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنیەوە لەگەڵ ئەندامانی دیکە کە هەمان بایەخ و خولیایان هەیە بەیەکەوە ببەستێتەوە.(الهاشمي،2020،ص50)

سەبارەت بە خودی میدیا و بواری رۆژنامەوانی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت و هەلی دیکەی هێناوەتە ناو بواری رۆژنامەوانی، بەو پێیەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی میدیایی لە دەستەبژێر و گروپ و حکومەتەکان سەندەوەو هێزیان بە بەکارهێنەرانیان و خەڵك بە گشتی بەخشی، تا گەیشتە سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ وەك رۆژنامەنوانی هاوڵاتی (Citizen Journalism) کە خەڵك خۆویستانەو لەرێی تۆڕەکانەوە دەتوانن کاری رۆژنامەوانی بکەن و هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر بڵاوبکەنەوەو تەنانەت ببنە سەرچاوەی زانیاری دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان.(احمد،2021،ل61)

-پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت، توێژەر هەوڵیداوە لە تێڕوانین و سەرچاوەی جیاجیاوە پێناسەکان بخاتەڕوو:

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەرەتای دەرکەوتنیان لەلایەن شارەزایانی بواری راگەیاندن بەمشێوەیە پێناسەکراوە: "تۆڕێکی ئینتەرنێتی کۆمەڵایەتییە بۆ بەستنەوەی هاوڕێیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام لە گەڵ پێشکەوتن و دەرکەوتنی مۆبایلی زیرەك (smartphone) کێبڕکێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی لە نێو کۆمپانیاکان، پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات.(خدرو مولود،2022،ل591)

بەپێی فەرهەنگی مێریام-وێبستەر (Merriam-Webster)، سۆشیال میدیا بە جۆرەکانی کۆمیونیکەیشنی ئەلیکترۆنی (وەک وێب سایت بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مایکرۆبلۆگینگ) پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەران کۆمەڵگەی ئۆنلاین دروست دەکەن بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و بیرۆکە و پەیامی کەسی و ناوەڕۆکی دیکە (وەک ڤیدیۆ).( Taprial، Kanwar,2012)

لە پێناسەیەکی تردا بەم شێوەیە باس لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەکرێت: "بریتیە لەو ئامرازە دیجیتاڵیانەی لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە بەیەکەوە بەستراوەنەتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن".(حجازي،2022،ص67)، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان "بریتیە لەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵی و خزمەتگوزاری و ئەپڵیکەیشنانەی بۆ یەکخستنی هاوبەشیکردنی ناوەڕۆك و پەیوەندی

گشتی و پەیوەندی نێوان کەسەکان دروستکراون".(Mirrlees، 2020, p.178 )

تەوری سێهەم/پراکتیکنامەی توێژینەوەکە
لەم بەشەی توێژینەوەکەدا کە لایەنی مەیدانی توێژینوەکەیە، ئەو ئەنجامە کردەییانە خراونەتەڕوو کە لەرێی ئامرازی چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ سامپڵێك لە پسۆڕانی بواری میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتوون، و دواتر توێژەر شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ ئەو ئەنجامانە کردووە، لەم بەشـــەدا ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە خراوتەڕوو، کەپێکدێت لەئاماژەدان بەوەڵامی ســامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی پرســیارە سەرەکیەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.
یەکەم: پێویستی پەروەردەیی میدیایی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان
راو بۆچوونی پسۆڕان فرە رەهەندەو لە گۆشـەی جیاجیاوە باس لە پێویسـتی پەروەردەی میدیایی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردسـتان دەکەن، پ. د. ئیبراهیم سـەعید مامۆسـتا لە بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: "ئێسـتا لە سایەی جێگیربوونی پایەکانی ژینگەی دیجیتاڵی کات و شـوێن نەماوە، یانی کە ئەڵێیت ئەم جۆرە پەروەردەییە گرنگە بۆ تاکی ئەمریکی، بۆ تاکی کوردیش هەروەکو ئەو شـێوەیەیە، چونکە ئێمە هەموومان لە ناو ژینگەیەکداین، بەتایبەتی لەگەڵ گەشـەکردنی تەکنەلۆجیای کۆمونیکەیشـن و ئەو میدیایەی ئێســتا لە رێگەی ئینتەرنێتەوە خۆی خســتۆتە ناو هەموو ماڵێکەوە و پەیوەندی لەگەڵ تاکدا دەکات، کەواتە ئەگەر بۆ تەواوی جیهان گرنگ بێت، بۆ هەرێمی کوردســتانیش گرنگە"، هاوکات پ. ی. د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد ســەرۆکی بەشی راگەیاندن لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی ســەلاحەدین، رای وایە: "پەروەردەی میدیایی لە هەرێمی کوردســتاندا زۆر گرنگە بە تایبەتی لە ســەردەمی ئێســتادا، ئەوەش بەهۆی پەرەســەندنی خێرای تەکنەلۆژیای میدیا و ســۆشــیال میدیا، تاکەکان پێویســتیان بە توانایەکی باش هەیە لە رووی هۆشــیاری بۆ جیاکردنەوەی راست و هەڵە، و ئەمەش تەنها لە رێگەی پەروەردەی میدیاییەوە دێتە ئاراوە".
هەروەها پ. ی. د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پێی وایە: "ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەی میدیایی، بریتییە لە دروستکردنی وەرگر یان جەماوەر یان تاکێکی رەخنەگر، لەگەڵ دروستکردنی نێرەرێکی بەرپرسـیار، ئەگەر ئەم دوو ئامانجە لەبەرچاوبگرین، ئەوا پەروەردەی میدیای زۆر پێویسـتە، بە تایبەتی لەسـەردەمی تاکی دیجیتاڵی و ئەندامبوون لەناو جیهانی گریمانەییدا"، لەپاڵ پسـپۆڕانی تردا د. رەوان سـوبحی عەبدوڵا مامۆسـتا لە بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك، جەخت دەکاتەوە: "پەروەردەی میدیایی پێویســتییەکی هەنووکەییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە یارمەتی تاك دەدات زانیاری راست لە ناڕاست جیابکاتەوە، بە تایبەت لەسـەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ژیری دەسـتکرددا، هەروەها ئاستی هۆشیاری تاکەکان بەرزدەکاتەوە و توانای بیرکردنەوەی رەخنەگرانەیان فراوانتر دەکات".
پ. ی. د. شــوان ئادەم ئەیڤەس مامۆســتا لە بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی ســلێمانی، بڕوای وایە: "پەروەردەی میدیایی یەکێکە لەو چەمکانەی لە دنیای خۆرئاواوە هاتوەتە ناو دنیای خۆرهەڵات و ســاڵانێکە لە هەرێمی کوردسـتانیش ئیشی لەســەر دەکرێت، بابەتێکی زۆر گەورەو گرنگە بۆ هەرێمی کوردســتان، لەبەر ئەوەی بەشـێکی زۆری بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان ئاشنا و ئاگاداری رەگەز و تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی میدیایی نین کە پێویستە ئاگاداری بن"، هاوکات پ. ی. د. نەوزاد سـدیق مامۆسـتا لە بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سـلێمانی، دووپاتی دەکاتەوە: "پەروەردەیی میدیایی بەمانای چۆنیەتی مامەڵەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن و تێگەیشتن لەپەیامە میدیاییەکان پێویستە، بۆئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەئاســانی نەبنە نێچیری پەیامی کەناڵەکانو چەواشـــەنەکرێن و نەکەونە ژێر کاریگەریی کەناڵەکانی راگەیاندن"، هەروەها پ. ی. د. هەتاو حەمەســاڵح حسـێن مامۆســتا لە بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانســتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی هەڵەبجە، جەخت لە گرنگی پەروەردەی میدیایی بۆ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە،و دەڵێت: "پێویستە ئێمە پسپۆڕانی بواری میدیا دەستبکەین بە داکۆکیکردن لەوەی کە شتێك گەڵاڵە بکەین سەبارەت بە پەروەردەی میدیایی هەروەك وڵاتانی تر، کە من پێمباشە هەر لە باخچەی ساوایانەوە دەستپێبکات".
پ. ی. د. کۆڤان حسـێن سـعدو مامۆسـتا لە بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سـلێمانی، دەڵێت: "نەك بۆ هەرێمی کوردسـتان، بەڵکو بۆ هەموو جیهان گرنگترین شـتە بۆ ئەم سـەردەمە، چونکە ئێمە لەسـەردەمێکدا ئەژین کە چیتر تاك لە رێگەی تێکسـتەوە فێری مەعریفە نابێت، بەڵکو لە رێگەی شـاشــەکانەوە مەعریفە، زانســت، زانیاری پێدەگات. بۆیە پەروەردەی میدیایی گرنگترین شـتە بۆ ئێستا، بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بتوانین تاك رابهێنین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دامەزراوانە ئەکات"، هاوکات پ. ی. د. بەرهەم خالید ئەحمەد مامۆســتا لە بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانســتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ســلێمانی، رای وایە: "پەروەردەی میدیایی لە ســەردەمی ئەمڕۆدا، بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، بابەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی تاک مامەڵە لەگەڵ میدیا بکات، لەبەرئەوە میدیا لەئێستادا وەک پێشوو نەماوەو بەرکەوتەی زۆری هەیە لەگەڵ وەرگردا، بۆیە تاک گرنگە هۆشــیاربێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو پەیامە میدیاییە دەکات، بۆ هەرێمی کوردستانیش ئەمە تاڕادەیەکی چەند بەرامبەر دروستە".
بۆ توێژەر رونبووەتەوە، پسپۆڕان بە گشتی جەخت لەسـەر گرنگی پەروەردەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بەهۆی دروستبوونی ژینگەی دیجیتاڵی و بوون بە ئەندام لەناو جیهانی گریمانەییدا، وەکو هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی بایەخ بە پەروەردەی میدیایی دەدەن، بۆ هەرێمی کوردســتانیش گرنگە بایەخی پێبدرێت، لەپێناو زیادکردنی هۆشــیاری تاك و دروســتبوونی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەیەمەکانی میدیا.

دووەم/ پەروەردەی میدیایی و پەیامی میدیایی
پسـپۆڕان لە دیدو بۆچوونی جیاوازەوە دەڕواننە بایەخدان بە پەروەردەی میدیایی و هاوکاریکردنی تاك بۆ هەڵسـەنگاندنی پەیامە میدیاییەکان، د. شـوان ئادەم ئەیڤەس، باوەڕی وایە: "پەروەردەی میدیایی ئەو توڵەیە کە وامان لێدەکات پەیامەکانی میدیا بەئاسـانی تێنەپەڕن، بەڵکو شیبانبکەینەوەو لێیان تێبگەین و هەڵسانگەندنیان بۆ بکەین، ئەوکاتە بڕیاریان لەسەر بدەین"، هاوکات د. ئیبراهیم سەعید، دەڵێت: "بنەمایی پەروەردەی میدیایی بۆ ئەوەیە تاك توانای هەڵسـەنگاندنی پەیامە میدیاییەکانی هەبێت، کاتێ خۆی باسی ئیتیکی ڕاگەیەندن دەکرا ئەمانە زیاتر پەیوەندی بە نێرەوە هەیە، بەڵام ئێمە لە قۆناغێکداین ئەگەر نێرەر بە ئاسـانی کۆنترۆڵنەکرێت ئەی چارەسـەر چیە؟، چارەسـەر ئەوەیە تاك خۆی هۆشیار بێت لە وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکاندا".
د. بەرهەم خالید ئەحمەد، دووپاتی دەکاتەوە: کە "پرسی پەروەردەی میدیایی خۆی یەکێک لە مەهام و ئەرکەکانی بریتییە لە بەرزکردنەوەی توانای هەڵسـەنگاندن بۆ وەرگر، واتە وەرگر وەرگرێکی ناچالاک نەبێت کە تەنها بەکاربەری پەیامی میدیایی بێت، بەڵکو بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە بڕوانێتە پەیامەکانی میدیا و خۆی لێکدانەوەو شـیکاری بکات"، هەروەها د. ڕەوان سـوبحی عەبدوڵا، پێی وایە: "پەروەردەی میدیایی هاوکاری تاك دەکات بۆ تێگەیشـتن و مامەڵەکردن و هەڵسـەنگاندنی ناوەڕۆك و پەیامی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا، بە تایبەتی پلاتفۆرمەکانی سـۆشـیال میدیا، چونکە زۆرجار بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی میدیا، بەبێ پشـتڕاسـتکردنەوە زانیاریی خێرا، ڤیدیۆی سـاختە، دەنگۆ، بڵاودەکەنەوە".
هاوکات د. عەبدولخالق ئیبراهیم مسـتەفا، پێی وایە: "گومانکردن دەبێت بناغەی مامەڵەکردن بێت لەگەڵ پەیامی میدیایی، پێویسـتە رابهێنرێت لەسـەر ئەوەی کە پرسـیار لە خاوەندارێتی و ئەو باکگراوەندە بکات کە لە پێش میدیا و بەرهەمێنانی میدیاییەوە هەیە، ئەگەر واکرا بێگومان دەکرێت پەروەردەی میدیایی ئەو توانا و دیدگایە بداتە تاك کە بتوانێت پەیامی میدیایی هەڵسەنگێنێت".
لەپاڵ پسپۆڕانی تر ، د. کۆڤان حسێن سعدو، دەڵێت: "پەروەردەی میدیایی بەشێکە لە پرۆسەیەکی هوشیاری، کە تاك بە ئاگا دەهێنێتەوە لە زیادکردنی ئاسـتی ئاگایی و لێکدانەوەو شـیکاری بۆ ئەو پەیامانەی کە پێیدەگات"، هەروەها د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد، ڕای وایە: "پەروەردەی میدیایی یارمەتیدەر و هاوکارە بۆ ئەوەی تاك بتوانێت هەڵسـەنگاندن بۆ پەیامەکانی میدیا بکات و بێ لێکدانەوەو شـیکردنەوە نەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیامە میدیاییەکان و نەبێتە قوربانی فێڵکردن و چەواشەکاری".
بە گشتی پسپۆڕان لە وەڵامەکانیاندا جەخت لەسەر بایەخدان بە پەروەردەی میدیایی دەکەنەوە بۆ هاوکاریکردنی تاك مەبەستی هەڵسەنگاندنی پەیامەکانی میدیا، پێیان وایە گومانکردن بناغەی مامەڵەکردنە لەگەڵ پەیامی میدیایی، و هەروەها ڕایان وایە پەروەردەی میدیایی هاوکاری تاك دەکات بۆ تێگەیشتن لە دیوە نهێنی و شاراوەکانی پەیامی میدیایی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنانەش لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ پەیامەکان بکات.

سێیەم: پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی و کارامەیی مەعریفی و تەکنیکی
کاتێك کە تەکنەلۆژیا دەبێتە بەشـێکی گرنگ و پێویسـتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، لەم دۆخەدا تاك زیاتر پێویسـتی بە کارامەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری هەیە، لەم ڕووەوە توێژەر ڕای پسپۆڕان سەبارەت بە ڕۆڵی پەروەردەی دیجیتاڵی لە چۆنیەتی پەرەپێدانی کارامەیی مەعریفی و تەکنیکی تاك دەخاتەڕوو، د. نەوزاد سـدیق، ڕایی وایە: " لەم سـەردەمەدا تاك پێویسـتی بەکارامەیی زیاتر هەیە لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیکردن، بە حوکمی تایبەتمەندی دووسـەرەی ئەو تەکنەلۆژیایە لەوەی بەکارهێنەرانی سـۆشـیال میدیا لەیەك کاتدا دەتوانن بەکاربەرو دروسـتکەری پەیامەکانیش بن، لەبەر ئەوە پەروەردەی میدیایی گرنگی زیاتر بووە"، هاوکات د. بەرهەم خالید ئەحمەد، دەڵێت: "پێشـکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆجیا و پەرەسـەندنی سـۆشـیال میدیا، وایانکردووە بیرۆکەی پەروەردەی میدیایی خەریکە دەگۆڕێ بۆ پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی، لەبەر ئەوەی وەرگر ئێسـتا بەکارهێنەرێکی زۆری ئامێرە دیجیتاڵیەکانە و لە هەندێك کاتدا وەکو نێرەر ڕەفتار دەکات، بۆیە هوشیاری دیجیتاڵی گرنگە کە وەرگر چۆن ئەم ئامرازەی بەردەستی بەکاردەهێنێت".
هەروەها د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، ڕای وایە: "پێویستە تاك ئاشنا بکرێت بە سروشـتی میدیای نوێ یان میدیای دیجیتاڵی، ئاشـنا بکرێت بە سروشـت و تایبەتمەندییەکانی و بە خزمەتگوزاری و بەو لایەنە ئەرێنییانەی کە دەتوانێت بەدەسـتی بهێنێت، و هەم بەو لایەنە نەرێنی و کاریگەرییە خراپانەی کە دەشـێت لە ڕێگەی میدیای دیجیتاڵییەوە بکرێت، هەموو ئەوانە دەکرێت بابەتی گرنگ بن لە هەر پەروەردەیەکی میدیای دیجیتاڵیدا".
هەورەك د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد، دەڵێت: "پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی دەتوانێت تاك پەروەردە بکات بۆ بەکارهێنانی مەعریفە و زانست و تەکنیك و چالاکییەکانی دیجیتاڵی، هەروەها فێرکردنی تاك کە چۆن ئامرازە دیجیتاڵییەکان بەکاربێنێت"، لەپاڵ ئەو دیدو بۆچونانەدا د. شـوان ئادەم ئەیڤەس، ڕای وایە: "پەروەردەی میدیایی خۆی کۆمەڵێک ڕەهەنـد و تـایبەتمەنـدی هەیە، یەکێك لەوانە خوێندەواری دیجیتاڵییە، بۆیە کەسێک کە ئاشنا و ئاگاداری پەروەردەی میدیایی دەبێت پێویستە لە وردەکارییەکانی خوێندەواری دیجیتاڵییش ئاگاداربێت، خوێندەواری دیجیتاڵی مەبەستمان هەر نوسین و خوێندنەوەو تێگشتن نییە، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێیە".
بەڵام د. کۆڤان حسێن سعدو، دەڵێت: "زۆر قورسە ئێمە خۆمان لەم سیستمە دیجیتاڵییە دووربخەینەوە، یان بڵێین تاک ڕابهێنرێت لەسەری چونکە ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین، ئەم سـیسـتمە خودکارییە دیجیتاڵییە عەقڵیەتی بیرکردنەوەیان هەیە، ئەوانیش وەکو تاك بیر دەکەنەوە، نەک ئەوەی بڵێی ئاراسـتە بکرێت بە ئەلگۆریتم، واتە ئەم سـیسـتەمانە ئەگەر نەزانی چۆن بەکاریبهێنی، دەکەویتە ژێر کاریگەرییان، خۆت

بەکاردەهێنرێی نەک تۆ ئەوان بەکاربهێنی".
زۆرینەی پســـپۆڕان باوەڕیان وایە پەوەردەی میدیایی دیجیتاڵی پێویســـتە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لەلایەك بۆ تێگەیشـــتنیان لە پرۆســـەی بەرهەمهێنانی میدیایی و لەلایەکی تریش بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کارامەیی تەکنیکی و مەعریفی بۆ ئەوەی بە دروستی و پارێزراوتر مامەڵە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری لە هەڕەشە سایبەرییەکان بکەن.

چوارەم: هۆشیاری تاك سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ میدیا
بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا بە تایبەتی دوای پەیدابوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تاك پێویســـتی بەوەیە ماف و ئەرکەکانی خۆی بزانێت، ســـەبارەت بەوەی پەروەردەی میدیایی چۆن دەتوانێت هۆشـــیاری تاك لەو رووەوە بەرزبکاتەوە؟، د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد، دەڵێت: " لەسەردەمی جیهانگیری و سۆشیاڵ میدیادا، هۆشیاری سەبارەت بە ماف و ئەرک زۆر گرنگە، پەروەردەی میدیایی پێویستە فێری تاك بکات، کە مافی تایبەتمەندی و پاراســـتنی زانیاری کەسی و مافی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بۆچوونی هەیە، و مافی دەســـتکەوتنی زانیاری راســـت و سەربەستی هەیە، هەروەها تاك فێر بکرێت ئەرکەکانی چیە، لەوانە ئەرکی رێزگرتن لە کەسانی تر و لەبەرچاوگرتنی راستی و تێگەیشتن لەوەی هەموو پۆست و پەیامێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپرسیارێتی خۆی هەیە"، هاوکات د. رەوان سوبحی عەبدوڵا، رای وایە: "پەروەردەی میدیایی دەتوانێت تاك تێبگەیەنێت کە بەپێی دەستوری وڵات دەتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەستانەو بەبێ ترس و هەڕەشە بۆچوونی خۆی دەربڕێت و بەدوای زانیاریدا بگەڕێت، و تاك مافی هەیە دەستی بە سەرچاوەکانی زانیاری بگات".
هەروەها د. شوان ئادەم ئەیڤەس، پێی وایە: "پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هۆشیاری تاک بەرزبکاتەوە لەوەی کە بزانێت ئەرک و مافی چییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، کە خۆی دەبێتە ســـەنتەر و دەبێتە فلتەر، دەبێتە دواین دەرگاوان لەســـەر بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە و پەیامانەی کە لە هەژماری خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویدەکاتەوە"، هاوکات د. بەرهەم خالید ئەحمەد، جەخت دەکاتەوە: "مامەڵەکردن لەگەڵ ســـۆشـــیال میدیا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بابەتی پەروەردەی میدیایی، لەبەرئەوەی ســـۆشـــیال میدیا وەکو میدیای دیکە نییە تاك تەنها وەرگر نییە، لە هەمانکاتدا نێرەریشە، بۆیە گرنگە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکات".
د. نەزاد ســـدیق، هۆشـــیارکردنەوەی تاك بە ماف و ئەرکەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بە کارێکی قورس نازانێت،و دەڵێت: "هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت، لەدەستپێکی دروستکردنی هەموو ئەکاونتێکدا، تایبەتمەندی کارکردنی خۆیان بە بەکارهێنەران نیشـاندەدەن، لەو رووەوە لەپرۆسەی پەروەردەی میدیایی دەکرێت تاکەکانی کۆمەڵگا بەسیاسەتی تایبەتمەندی تۆڕەکان ئاشنابکرێن".
بەڵام د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، پێی وایە: " لەناو فەزای دیجیتاڵیدا تاك وەکو پێویست ئاشنا نییە بەو ئەرك و مافانەی کە هەیەتی، بۆیە زیادەڕەوییەکی زۆر دەبینین لە جێبەجێکردنی ئازادییەکانمان، هەروەها ئەو گۆڕانکاری و شـۆڕشـە تەکنەلۆژیایە وەسـتانی نیە و رۆژانە ئەو گۆڕانکاریانەش دەبینین، لەناو پەروەردەی میدیاییشـدا لەسـەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویسـتە تاك رابهێنرێت بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرایەی تەکنەلۆژیا"، هاوکات د. کۆڤان حســـێن ســـعدو، هاوڕای (د. عەبدولخالق)ە و بە کارێکی قورسی دەبینێت پەروەردەی میدیایی بتوانێت هۆشیاری تاك سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا بەرزبکاتەوە، دەڵێت: "بۆ ئەم سەردەمە پێم وایە زۆر قورسە، بتوانیت نە ئەرک نە مافەکانی خۆت بزانێت لە سۆشیال میدیادا".
هەروەها د. ئیبراهیم سەعید، دەڵێت: "لەم سەردەمەدا ناتوانیت دەستبەرداری ژینگەی دیجیتاڵی ببیت کە بەشێکی گرنگی ئەپڵیکەیشنەکانی ســـۆشـــیاڵ میدیایە، بەڵام راســـتییەك هەیە ئەویش ئەوەیە، ئایا تاك توانیوێتی کۆنترۆڵی ئەپڵیکەیشـــنەکانی ســـۆشـــیاڵ میدیا بکات یان ئەپڵیکەیشـنەکانی سـۆشـیاڵ میدیا ئەوی کۆنترۆڵکردووە؟، یانی پەروەردەی میدیایی پێت ئەڵێت تۆ دەکرێت سـود لە سـۆشـیاڵ میدیا ببینی، بەڵام ئەویش سود لە تۆ ئەبینێ".
لە ئەنجامدا لە بەشێك لە پسپۆڕان پێیان وایە دەکرێت لەرێگەی پەروەردەی میدیاییەوە تاك هۆشیار بکرێتەوەوەو ماف و ئەرکەکانی خۆی لەو رووەوە بزانێت تەنانەت لەناو ژینگەی دیجیتاڵیشـدا، بەڵام لەبەرامبەردا رایەکی تر هەیە باوەڕێ لەناو فەزای دیجیتاڵیدا قورسـە بتوانرێت پارێزگاری لە مافەکانی تاك بکرێت.

پێنجەم: پەروەردەیی میدیایی و رۆڵی لە هۆشیاکردنەوەی تاك بەرامبەر هەواڵی ساختەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
دوای پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری هەڵەو هەواڵی ساختە زیاتر بڵاودەکرێتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاری تاك بکات بۆ دورکەوتنەوە لە هەواڵی ســـاختەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان؟، لە وەڵامدا د. عەبدولخالق ئیبراهیم مســـتەفا، دەڵێت: "پەروەردەیی میدیایی تاك رادەهێنێت لەســـەر ئەوەی بەچاوی گومان و رەخنەگرانە ســـەیری هەموو ناوەڕۆکێکی میدیایی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا سێ کارامەیی سەرەکی دەدات بە تاك. یەکەم: تاك پێویستە دڵنیابێتەوە لە سەرچاوەو لە جیاتی ئەوەی سەرنج بخاتە سەر ئەوەی کە چی گوتراوە، دەبێت سـەرنج بخاتەسـەر ئەوەی کە کێ قسـە دەکات؟. دووەم: ناوەڕۆك بە شێوەیەکی رەخنەگرانە و رەخنەئامێز شیبکرێتەوە. سـێیەم: تاك ڕابهێنرێت لەسـەر گەڕانی فرە رەهەند و بەراوردکردنی ئەو سـەرچاوەو دۆکیومێنتانەی کە لەو بارەوە دەسـتی دەکەوێت تادەگاتە حەقیقەت و راســـتی هەواڵەکە"، هاوکات د. کۆڤان حســـێن ســـعدو، پێی وایە: "کرۆکی بابەتی پەروەردەی میدیایی ئەوەیە گومان لە هەموو هەواڵێک بکەیت کە پێتدەگات، بەداخەوە لە سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەیک نیوز زیاتر باوە، لەگەڵ ئەوەشدا رێگای ئاسان هەیە کە بتوانین روبەرووی هەواڵی فەیک ببینەوە، بەدەر لەو جۆرە تەکنەلۆجیایانەی کە هەن و خۆیان ئیدیتی ئەکەن و پێت ئەڵێت ئەم (هەواڵ، وێنە)یە راستە یان راست نییە؟ خودی سەرچاوەکانی دروستکردنی هەواڵەکەش وات لێئەکات، کە بزانی ئەم هەواڵە راستە یان راست نییە".

هەروەها د. ئیبراهیم سەعید، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بابەتی فەیك نیوز بابەتێکی زۆر گرنگە لە پەروەردەی میدیاییدا،و رای وایە: " ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین، تایپەکانی فەیك نیوز زۆر زۆرن، یانی هەندێکیان دەڵێن (misinformation and disinformation)، ئێستا ئەوەنە وردبوەتەوە زانیاریی چەواشە بە مانای ئەوەی کە لە سەدا سەدی هەڵەیە بوونی نەماوە، رەنگە شتی واش هەبێت، بەڵام زانیارییەکان بوونی هەیە، بەڵام شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان وەرگر چەواشە دەکات، گرنگترین شت ئەوەیە کە تۆ پەروەردەی میدیاییت هەبێت، لە تەکنیکەکانی چەواشەکردنی زانیارییەکان تێئەگەیت". هەر لەوروەوە د. بەرهەم خالید ئەحمەد، دەڵێت: "بابەتی هەواڵی ساختە لە هەمووکات و سەردەمێکدا هەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم سەردەمەدا، دوو چەمک هەیە لە بابەتی ساختە هەواڵدا، زانیاری(Misinformation) کە زانیارییەکە هەڵەیە، زانیارییەکیشمان هەیە (Disinformation) واتا بە مەبەست دەزگایەك دەیەوێت بابەتێک بە لارێدا بەرێ یان بەشێک لە زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە و بەشێکی بڵاونەکاتەوە، لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەم بابەتەمان زۆرە، ، تاك ئەکرێت لەرێی ئەزمونکردنەوە هۆشیاری پەیدا بکات، خوێندەواری میدیاییش رێک ئەمەیە، ئەو سەرچاوانە وەکو سەرچاوەی زانیاری بەکارنەهێنێت".
د. نەوزاد سدیق، پێی وایە: "پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاربێت لەکەمکردنەوەی مەترسییەکانو ئاڵنگارییەکانی فەیك نیوز، پێویست ناکات تاکەکان سۆشیال میدیایەکی دیاریکراو و یەکلایەنە بکەنە سەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکانیان ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە، دەشێت لەرێی پەروەردەی میدیاییەوە وا لەتاکەکان بکرێت کە هەڵسەنگاندن بکەن بۆ کوالێتی زانیارییەکانو هەمیشەو هەردەم بەدیدێکی رەخنەگرانەوە لەو زانیاریی‌و هەواڵانە بنوارن کە لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە"، هاوکات د. شوان ئادەم ئەیڤەس، پێی وایە: " پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاری تاکەکان بکات لە ناسینەوەی هەواڵی دروست و هەواڵی ساختە، ئەویش لە رێگەی ئەو ئامرازە هاوچەرخانەی کە ئێستا هەن، بۆ ناسینەوەی ناوەڕۆک و وێنە و ڤیدیۆی ساختەکراو و دەستکاریکراو، بۆیە ئەگەر کەسێک ئاشنا و ئاگاداری پەروەردەی خوێندەواری میدیایی بێت، دەتوانێت زۆر بە ئاسانی زانیاریی ساختەکەکراو لە زانیاریی دروست جیا بکاتەوە".
بەڵام د. هەتاو حەمە سالح حسین، پێی وایە: "هەواڵی ساختە لەم سەردەمەدا زۆر بووەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانش کۆنترۆڵ ناکرێت، تەنانەت کاریگەی لەسەر دابەزینی متمانەی میدیاش کردووە، ناڵێم سانسۆر هەبێت، بەڵام هەندێ فلتەری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، سیاسی هەیە، پێویستە رەچاوبکرێت، لەبەرئەوە کاری پەروەردەی میدیایی تەنها ئەوەنیە کە بە تاك بڵێی بڕوا بە هەموو هەواڵێك نەکات، بەڵکو وابکات هەواڵە ساختەکانیش بناسێتەوە".
بە گشتی پسپۆڕان هاوڕان لەسەر ئەوەی پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاری تاك بکات بۆ روبەروبوونەوەی هەواڵی ساختەی تۆڕو کۆمەڵایەتییەکان و دیدێکی رەخنەگرانەی هەبێت و هێماکانی فەیك نیوز بناسێتەوە و ئامرازی هاوچەرخ بەکاربهێنێت بۆ ناسینەوەی وێنەو ناوەڕۆکی دەستکاریکراو.

دەرەنجام و راسپاردەکان و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

یەکەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەکە

دوای تەواوکردن و جێبەجێکردنی لایەنە زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی سامپڵی توێژینەوەکەو خستنەڕوییان و شیکردنەوەیان لەرێی میتۆدی چۆنایەتی گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی پێیگەیشتووە، دەخەینەڕوو:
١-بەهۆی دروستبوونی ژینگەی دیجیتاڵی و تاکی دیجیتاڵی و بوون بە ئەندام لەناو جیهانی گریمانەییدا، پەروەردەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان بووەتە پێویستیەکی گرنگ‌و سەردەمیانە.
٢-بایەخدان بە پەروەردەی میدیایی هاوکاری تاك دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە دیوە نهێنی و شاراوەکانی پەیامی میدیایی و لەبەر رۆشنایی ئەو تێگەیشتنەش لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ پەیامەکانی میدیا بکات.
٣-پەروەردەی میدیایی دیجیتاڵی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کارامەیی تەکنیکی و مەعریفی بۆ ئەوەی بە دروستی و پارێزراوتر مامەڵە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەن.
٤-زۆرینەی پسپۆڕان هاوڕان لەسەر ئەوەی دەکرێت لەرێگەی پەروەردەی میدیاییەوە تاك هۆشیار بکرێتەوەوەو ماف و ئەرکەکانی خۆی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بزانێت.
٥-پەروەردەی میدیایی دەتوانێت هاوکاری تاك بکات لە رووبەرووبوونەوەی زانیاری هەڵەو هەواڵی ساختەی تۆڕو کۆمەڵایەتییەکان و هێماکانی ئەو جۆرە هەواڵانە بناسێتەوە.

دووەم/ راسپاردەکانی توێژینەوەکە

١-پێویستە وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان وانەی پەروەردەی میدیایی وەکو وانەیەکی بنەڕەتی لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتییەوە تا زانکۆکان جێگیربکەن، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری بکەن.
٢-پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و فەرمانگەی میدیاو زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتی هۆشیاری بەردەوامیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵ هەبێت، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کارامەییان سەبارەت بە چۆنێتی مانەڵەکردن لەگەڵ میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.

٣-پابەندکردنی دەزگا میدیاییەکان بە پرەنسیپە ئاکارییەکانی کاری رۆژنامەوانی، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی چەواشەکردنی تاکەکان لەرێی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە.

سێهەم/ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

توێژەر پێشـــنیار دەکات کە توێژەرانی دوای خۆی توێژینەوە لەبارەی چەند بابەتێکی دیکە بکەن کە لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە هەڵێنجراوە.

١-توێژەران توێژینەوە لەبارەی هۆکارو ئاســـتەنگەکانی بە پرۆســـە نەکردنی پەروەردەی میدیایی لە دامەزراوە پەروەردەیی‌و زانکۆییەکاندا بکەن کە ئێستا بووەتە پێویستیەکی گرنگ‌و سەرەدەمیانە.

٢-توێژەران توێژینەوە بکەن لەســـەر کاریگەری پەروەردەی میدیایی کە چۆن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردە مەترســـیدارەکانی وەك: (توندوتیژی ئەلکترۆنی، هەواڵی ساختە، ئاسایشی دیجیتاڵی یان پاراستنی نهێنی کەسی).


**سەرچاوەکان**

توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی

- محمد، شەنگ محمد دلێر، رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشیارکردنەوەی وەرگر لەسەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا: خوێندکارانی زانکۆ بە نمونە، ماستەرنامەیەکە پێشکەشی بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، 2023.
- احمد، بەرهەم خالد،2021، رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆســەی دروســتکردنی بڕیاری ســیاسی لە هەرێمی کوردســتاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی: کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی راگەیاندن، ل.61.
- خدر، ئاوارە حاجی. مولود، سـامان جلال، 2022، کاریگەری فلتەرکردن لە میدیای کۆمەڵایەتی فەیسـبوك لەسـەر بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ب.9، ژ.2.

کتێب بە زمانی کوردی

- سادق، فوئادی تاهیر،2008، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی.

توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی عەرەبی

- أبوقاسم، نجيبة عبدالله علي، 2023، التربية الاعلامية و دوريها في مواجهة سلبيات شبكات التواصل الاجتماعي، مجلة عليمية محكمة نصف سنوية – تصدر عن جامعة الزاوية - ليبيا، مجلد 23 – العدد 40.
- ابو عرة، هارون فياض احمد، 2021، واقع التربية الإعالمية والمعلوماتية في فلسطين، رسالة ماجستير، جامعة القدس.
- هناء، د. بوحارة. نادية، مدودي،2017، البحث الاجتماعي ودوره في تنمية الوعي المجتمعي، مجلة انثروبولوجية الاديان، مجلد 13، عدد 2، ديسمبر.
- شـعبان، زينب محمود،2019، ازمة الوعي الاجتماعي لدى الطالب المعلم ودور مؤسـسـات الاعداد في مواجهتها، مجلة الحث في التربية غلم نفس، مجلد 34، عدد الثاني، ابريل.
- ال طويرش، د. موسى محمد ، الوعي السـياسى كعنصر أسـاس في بناء النظام السـياسي الديمقراطي، مجلة المسـتنصرية للدراسات العربية والدولية، عدد 28، كانون 1.
- ضيف، د. ليندة، 2017، التربية الاعلامية في ظل الاعلام الجديد، مجلة المعيار- عدد 42.
- الهاشـمي، د. سـلطان بن محمد،و اخرون، 2020، اثر اسـتخدام وسـائل التواصـل الاجتماعي على تنشـئة الطفل في المجتمع العماني،دراسة مقدمة من جمعية الاجتماعيين العمانية الى وزارة التنمية الاجتماعية، يونو.
- حجازي، د. نهاد فتحي سليمان،2022، دور المواقع التواصل الاجتماعي في تشكيل الصورة الذهنية للقيادة و المؤسسات السياسية، دراسة مسحية على الشباب المصري، المركز الديموقراطى العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية، امانيا – برلين.

کتێب بە زمانی عەرەبی

- حسن، احمد جمال، 2015، التربية العلامية، ط 1 – المنيا: دار المعرفة.
- الشميمرى، فهد عبدالرحمن، 2010، التربية الاعلامية: كيف نتعامل مع العلام، مكتبة الملك فهد الوطنية.
- ابو عزام، محمد خالد، طبعة الاولى: 2020، التربية الاعلامية، عمان، دار زهدي للنشر والتوزيع.
- وزارة التربية و التعليم العالي فلصتين، 2017، دليل التربية الاعلامية للمعلمين، لبيالارا.
- الجحيشي، د. بشير ناظر، 2014، دراسات في علم الاجتماع، دار نيبور للطباعة والنشر و التوزيع، بغداد.
- العبابنة، د. حسن علي، 2025، التسويق الالكتروني، المملكة الاردنية الهاشمية – رقم الاداع لدى دائرة المكتبة الوطنية، ط 1.

تویژینەوە بە زمانی ئینگلیزی

- Todino, Mechele Domenico and Tore, Stefano Di,2025, Media Education, MDPI, Encyclopedia, January.
- Alice Y. L. LEE, Hong Kong Baptist University, 2010, Media Education: Definition, Approaches, and Development around the Globe.
- - Varinder Taprial; Priya Kanwar, 2012, Understanding Social Media, Deloitte Touche LLP and affiliated entities.
- Tanner Mirrlees, 2020, Social media, University of Ontario Institute of Technology, In book: Reimagining Communication.

التربية الإعلامية ودورها في توعية مستخدمي شبكات التواصل الاجتماعي

**الملخص (Abstract)**

تهدف هذه الدراسة إلى بيان أهمية وضرورة التربية الإعلامية في رفع الوعي لدى الفرد والمجتمع في إقليم كردستان، فضلاً عن الكشف عن دور التربية الإعلامية في تزويد الأفراد بالمعلومات وتعزيز فهمهم لطبيعة ومخاطر شبكات التواصل الاجتماعي.

تندرج هذه الدراسة ضمن البحوث الوصفية، حيث اعتمد الباحث على المنهج المسحي لمناقشة وتحليل الجوانب المختلفة لموضوع الدراسة وتسليط الضوء عليها. وتألف مجتمع البحث من نخبة من الأكاديميين المتخصصين في مجال الإعلام في أقسام الإعلام بجامعات (السليمانية، صلاح الدين، حلبجة، السليمانية التقنية، أربيل التقنية، دهوك التقنية) في إقليم كردستان. أما عينة البحث، فقد كانت عينة غير احتمالية "قصدية"، قوامها (10) خبراء من المتخصصين في أقسام الإعلام ممن يمتلكون خبرة واختصاصاً في مجال التربية الإعلامية.

ومن خلال تحليل وتفسير البيانات والمعلومات المستخلصة من الجانبين النظري والعملي وتقييمها، توصلت الدراسة إلى جملة من الاستنتاجات، نوجز أهمها في النقاط الثلاث الآتية:

١-تعد التربية الإعلامية في إقليم كردستان ضرورة ملحة، نظراً لتشكل البيئة الرقمية وظهور "الفرد الرقمي" والانخراط المتزايد في العالم الافتراضي.

٢-أجمع غالبية الخبراء على إمكانية توعية الفرد من خلال التربية الإعلامية، وتعريفه بحقوقه وواجباته أثناء التعامل مع شبكات التواصل الاجتماعي.

٣-تساهم التربية الإعلامية في مساعدة الفرد على مواجهة المعلومات المضللة والأخبار الزائفة (Fake News) في شبكات التواصل الاجتماعي، وتمكينه من تمييز مؤشراتها.

الكلمات المفتاحية: التربية الإعلامية، الدور، التوعية، المستخدمون، شبكات التواصل الاجتماعي.